# دواندن

## لە کۆچیرۆکی ( بە شەرتی چەقۆ) ی عەزیز نەسین دا

م. ی . بێستون عادل علی
زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە

ملخص البحث

أن بحثي الموسوم ((الحوار فى المجموعة القصصية بة شةرتى ضةقؤى عزيز نسين)) يتكون من المقدمة وفـصل واحد والخاتمة والنتائج وقائمة بالمصادر والمراجع والملخص باللغتين العربية والانكليزية .

يتكون الفصل من ثلاثة مباحث : يتناول المبحث الاول مفهوم وتعريف السرد ، أما المبحث الثاني يتناول واجبات السرد ، اما المبحث الثالث والاخير يتناول الحوار واقسامه وهم الحوار المباشر والغير المباشر والمنلوج المباشر والغير المباشر بالاضافة الى انماط تيار الوعي بشكل نظري وعملي ، وبـعد ذلك تـم التطبيق بشكل عملي على المجموعة القصصية

(بة شةرتي چةقؤ) لعزيز نسين.

پێشەکی

دواندن یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی گێڕانەوە ڕۆڵێکی گەورەو گرنگ لە بیناى چیرۆک دەگێڕێت وەکو پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنیش ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت و دەبێتە هۆکاری بەردەوامی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی . ئەم لێکۆڵنەوەی ئێمەش بـە ناونیشانی ( دواند لە کۆچیرۆکی بە شەرتی چەقۆی عەزیز نەسین) دا.هەوڵێکە بۆ گرنگی دواندن و دەرخستنی گرنگی دواندن لـە چیرۆکەکانی(عـەزیـز نەسین )دا

– هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دواندن وەکو هۆکارێکی گرنگی گێڕانەوە ، هەروەها تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی دەربارەی چیرۆکەکانی (عەزیز نەسین ) نەکراوە و بەتایبەتی دەربارەی دواندن لـە چیرۆکەکانی عـەزیـز نـەسین دا.

– ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە.

– پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و یەک بەش و ئەنجام و پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باس بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

بەشەکەمان دابەشکردووە بە سەر سێ پاردا. لە پاری یەکەم باسی چەمک و پێناسەی گێڕانەوەمان کردووە وپاری دووەم باسی ئەرکی گێڕانەوەمان کردووە ،هەروەها لە پاری سێیەم وکۆتاییدا بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی باسی دواندن و جۆرەکانی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش بە شێوەی تیۆری باس کراوە ، دواتریش لە سەر چیرۆکەکانی کتێبی (بـە شەرتی چـەقۆی ) عـەزیـز نەسیندا پـراکتیزمان کـردووە.

بەشی یەکەم

پاری یەکەم:

گێرانەوە : چەمک و زاراوە:

گێرانەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی هەر یەکێک لە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا بەکاری دێنین بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەردەوام پراکتیزەی دەکەین و پشتی پێ دەبەستین، مێژووی دەرکەوتنی هاوکاتی مێژووی دروست بوونی زمانە، هەروەها مرۆڤ رۆژانە ڕووبەڕووی چەندەها گرفت و ڕووداو دەبێتەوە ، ئەمانە وا لە مرۆڤ دەکات بە بەرامبەرەکەی ڕابگەیەنێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە گێرانەوە بەم شێوەیە گێرانەوە بریتییە لە (( گێرانەوەی ڕووداوێک یاخود هەواڵێک یان پتر لە هەواڵێکە سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەبێت یان دروستکراو و داهێنراوی خەیاڵ بێت))١ . کەواتە بەم شێوەیە هەندێک لەو ڕووداوانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕوو دەدات لە بنچینەدا ڕاستەقینەن لە لایەن مرۆڤەوە نەکراوە، بەڵام هەندێکی تر لە ڕووداوەکان لە لایەن مرۆڤەوە دروستکراوە واتە خەیاڵین ولە سەرووی واقیعەوەن دوورن لە ڕاستیەوە داهێنراون لە لایەن کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە.

هەر بۆیە گێرانەوە یەکێکە لە بونیادە سەرەکییەکانی دەق بەشێوەیەکی ئیستاتیکی سەرجەمی دەقەکە بەڕێوە دەبات ولایەنە هونەرییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات ، جگە لەوەی هەڵوێستەکان لە وێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوازێتەوە بە جۆرێک بەرامبەر گوێگر یان خوێنەر وا هەست بکات ئەم ڕووداو و هەڵوێستانە دەبینێت ولە بەر چاوی دایە (( هەروەها وەزیفەی گێرانەوەش هەر تەنها ئەوە نیە ، بەڵکو دەکرێت گێرانەوە خاوەن سیحرێک بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بە دوای ئەو بابەتەی دەیخاتە ڕوو))٢ . کەواتە گێرانەوە بەشێوەیەکی گشتی و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی دەق دایە و دەق بەڕێوەدەبات ، هەروەها بەرەو پێشەوەی دەبات و ڕۆڵی گرنگیشی هەیە لە گرێدانی لایەنە هونەریەکان تا خوێنەر وگوێگر ڕووداو و هەڵوێستەکان ببینێت ولە بەر چاوی بێت. هەروەها گێرانەوە زاراوەیەکی گشتیە ئەویش (( گێرانەوەی ڕووداوێکە یان هەواڵێک یان پتر دەگرێتەوە ئیدی لەسەرچاوە و کرۆکی ڕاستیەوە هاتبن یان لە داهێنانی ئەندێشەوە))٣ .هەر بۆیە ( والاس مارتن ١٨٥٨-١٩٣٧) بۆچوونی جیاوازی لە بارەی گێرانەوە هەیە و دەڵێت :(( گێرانەوە دەکرێت بە چەند ڕێگەیەکەوە ئەوانیش (کرتە- Scene)،(پیشاندان- Showing)، (لاسایکردنەوە – Mimises)

سەرەڕای نواندنەوەی و تەوکرداری کەسێتییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ئیقتیباسی بیر و مۆنۆلۆگەکانیانە))٤ ، کە واتە گێرانەوە وەکو هەموو ئەو چەمکانەی تر چەندین ڕێگە و شێوازی جیا جیای لێ دەبێتەوە لێکدانەوەی پوخت بۆ هەر یەکە لەم ڕێگە جیاکارانە دەکات و سەرەڕای ئەو هەموو نواندنە کەسێتییانە بە شێوەیەکی ڕاستوخۆ دەکرێت، هەروەها لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا گێرانەوە بە واتای (( گێرانەوە گێرانەوش بە واتای باسکردنی قسەی گوتراو )) ٥ هاتووە ، واتە ئەمانە بەم شێوەیە تەنها رابردوو دەگرنەوە نەک داهاتوو، ئەمەش وا دەکات هەمیشە پێویستیمان بە کەسێک هەبێت بۆ گێرانەوەی تەواوی ڕووداوەکان بە تێگەیشتنی نزیک لە واتای گێرانەوەکە، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای دورستبوونیەوە جۆرە زمانێکی ئاخاوتنی هەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیدا گفتوگۆ بکات ئەوەی چاوی پێکەوتووە و پێی سەرسام بووە ، یان حەزی لێکردووە یا لێی ترساوە تا بە هۆیەوە بیگێڕێتەوە. هەروەها زاراوەی زانستی بۆ گێرانەوە (Narralogy) بە زانستێکی نوێ دەژمێردرێ و (( لەگەڵ دەرفەتی کاریگەربوون بە بونیادگەری لە بازنەی بە کارهێنانی ڕەخنەیی بە شێوەیەکی تایبەتی هاتووەتە ناوەوە)) ٦ ،بۆیە ئەم زاراوەیە لە شەو و رۆژێکدا لە ئەدەبی رۆژئاوادا پەیدانەبووە ، بەڵکو ریشەی ئەم گێرانەوەیە بۆ سەردەمی ( ئەفلاتون و ئەرەستۆ ) دەگەڕێتەوە ، بەڵام سەرهەڵدانی دەبێ زۆر لە ئەو مێژووە کۆنتر بێت لەگەڵ

هەبوونی مرۆڤ لە سەردەمی شارستانیەتی کۆندا هەبووە، بێگومان ئەمانەش جۆرێکی تایبەتی گێرانەوەن بە شێوەیەکی هونەری ئەو سەردەمەدا ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە وردی لە بنەماکانی پێکهاتەی هەر چیرۆکێک بڕوانین ئەوا دەبینین گێڕانەوە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بنیاتی هونەری هەر چیرۆکێک دادەنرێت .لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوە لای (ئالان روب گرییە) گەیشتوتە ئەو ڕادەیەی بکرێتە بەرهەمی سەرکەوتنی هەر بەرهەمێک کاتێک دەڵێت : (( چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆک بگێڕێتەوە ))٧ .کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە گێڕانەوە پێویستی بە هونەرێکی بەرز و شارەزاییەکی باش و تەکنیکی باڵا هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری لای گوێگر و خوێنەر دروست بکات. هەروەها دەربارەی گێڕانەوە ( بارت) ڕاو بۆچوونی خۆی هەیە و دەڵێت : (( دەکرێ گێڕانەوە بەهۆی ئەو زمانەی بەکاردەهێنرێ ، زارەکی بێت یان نووسین ، بە هۆی وێنەی جێگرەوەی بێ یان جوڵاو ، بە هۆی تێکەڵاو کردنێکی ڕێکوپێک بۆ ئەم کەرەستانە کە لە ئەفسانە و چیرۆک و داستان و مێژوو و مەرگەسات و تابلۆی کێشراو تا دەگاتە هونەری نەخشاندن ( زخرفە ) و سینەماو ڕیکلامی تەلەفزیۆن و لەزگەکان و گفتوگۆکان ))٨ .کە واتە بە پێ ئەمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گێڕانەوە تەنها پەیوەست نییە بە دەقە ئەدەبییەکانەوە ، بەڵکو سەرجەم کارە هونەرییەکان و چەمکەکانی تریش دەگرێتەوە و خۆی تێدا دەبینێتەوە و پەیرەویان دەکات، دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پراکتیزەکان بکات بۆ ئەوەی خوێنەر و بیسەر بە باشی لێیان تێ بگات.

هەروەها گێرانەوە وەک چەمک ئەو گۆشە نیگایەیە یان ئەو ڕوانگەیەیە لەوێوە دەنگی گێڕەرەوە بە خوێنەر دەگات یان (( بریتیە لە دەنگی نووسەر یان یەکێک لە کارەکتەرەکان لە تێکستی گێڕانەوەییدا، کە ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراو دەگێردرێتەوە ، بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ڕووداو و کێشە و قەیرانەکان لە جوانترین وێنەدا ، یان گێڕانەوە چەند ڕووداوێکی واقیعە یاخود ڕووداو گەلێک هیچ پەیوەندییان بە واقیعەوە نییە ))٩ . بەڵام لە هەمان کاتدا (( گێڕانەوە لە شێوەی حیکایەت بەم چەمکەش گێڕانەوە بۆ مانا کۆنەکەی دەگەڕێتەوە کە فەرهەنگە عەرەبیەکان مەیلی ئەوە دەکەن مانای ( چینەوەی )ی بۆ دابنێن ))١٠ . ئیدی ئەم چینەوەش بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری لە سەر خوێنەر دەبێت ولە یادەوەری دەمێنێتەوە ، بۆیە بەمە هونەری گێڕانەوە ماندوو بوونێکی زیاتری دەوێ، چونکە جاران حیکایەت خوازان تەنها باس ڕابردوویان دەگێڕایەوە جگە لە خەیاڵ پەتی و ئەفسانە و خورافە و درێژ دادڕی ، بۆیە دەکرێت بڵێین هیچ دەقێکی ئەدەبی بە بێ گێڕانەوە نابێت ئەمەش وای کردووە هونەری گێڕانەوە بەهایەکی بەرز و گرنگی هەبێت و تام وچێژیکی تایبەتی و ڕۆڵی دیاری هەبێت ، کە چالاکی جوڵە بە چیرۆک دەبەخشێت هەر بۆیە (( گێڕانەوە کارێکی هەواڵ گەیاندن و هونەرییە ، هەواڵ گەیاندن ، چۆنکە زنجیرەیەک ڕووداو دەگوێزرێتەوە و ئەرکی گەیاندنی پێسپێردراوە پێی دەوترێت ( نێراو) و بۆ نێراو و (وەرگر) بۆ چینەوەی ئەم ڕووداوانە و داڕشتنەوەیان لە قاڵبێکی زمانی کە پەرۆشی بەهای جوانی بێت ))١١ .ئەم دەقانەش هەر جۆرێکی ئەدەبی بن.

بەشی یەکەم

پاری دووەم:

ئەرکی گێرانەوە:

چیرۆک بە پێی ئەو ڕێکخستنەی کە لە واقیعدا هاتووە ڕووداو پێشکەش ناکات، بەڵکو ڕووداوەکان پاش وپێش دەکات ، هەندێکیان بە کورتی و هەندێکیان بە درێژی باس دەکات بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی دیمەنێک ، لایەنێک ، بابەتێک، لە دوورەوە بێت یان لە نزیکەوە ، ئەرکێکی دیکەی گێرانەوە بە دیارخستنی هەموو ئەو شتانەی نووسەر دەیزانێ لە

بارەی کارەکتەر و هەوڵدانیەتی بۆ چوونە ناخی شاراوەی کارەکتەر و دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانی ، لێرەدا پێویستە ئەرک وبایەخ وگرنگی (گێرەرەوە) لە بەر چاو بگیرێ ئەمەش بە هۆی ئەوەی پرۆسەی گێرانەوە بە شێوەیەکی سروشتی و رێکوپێکدا تێدەپەرێت، ئەم کرداری گێرانەوەش بێگومان پێویستی بە ئامرازێک هەیە تاکو گێرانەوەکە ئەنجام بدات وبەشێوەیەکی دروست و هونەری ئاراستەی وەرگری بکات، هەڵبەتە ئەو ئامرازەش ( گێرەرەوەیە) بوونی گێرەرەوە لە پرۆسەی گێرانەوەدا پێویستیەکی حەتمییە بە جۆرێک دەستبەرداربوون لێی مەحاڵە.کەواتە (( گێرەرەوە پێکهێنەری سەرەکییە لە ئەڵقەی پەیوەندی ، کە یاکسبون پێشنیازی کردووە ئەوانیش شەش ئەرکن لە لایەن نێرەری زمانەوە جێبەجێ دەکرێت و هەر یەکێک لەمانە بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی بەردەوام بوون پەیوەستە بە شێوەیەکی توند وتۆڵ وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت ئەوانیش:

٣- سیاق(رێچکە)

١- نێرەر (هەڵچوون یان دەربرین ) ٦-پەیام(شیعریەت) ٢- وەرگر(تێگەیاندن)

٤- پەیوەندی (وشیاری،ئاگایی)

٥- شەفرە(کۆد))١٢

هەروەها ئەوەی لەسەر گێرەرەوە پێویستە ئەنجامی بدات گاڵتە نەکردن بە توانا و زیرەکی گێرەرەوەش ئامرازێکی تەکنیکیە لە دەستی ئەو کەسەی چیرۆک یا رۆمانەکەی دەگێرێتەوە ، بۆ پەردە لادان لە سەر جیهانی چیرۆک یا رۆمانەکەی بەکاردەهێنێ (( بە پێی ناو لێنانی بارت کە دەڵێ دروستکراو لە کاغەز ))١٣ .لێرەدا دەتوانین بڵێین گێرەرەوە ئەو کەسەی (( چیرۆکەکە دەگێرێتەوە و باسکردنی رووداوەکان و وەسفکردنی شوێنەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی و کەسایەتیەکانیش نمایش دەکات و وتەکانیان دەگوازێتەوە و گوزارشت لە بیروبۆچوون و هەستەکانیان دەکات ))١٤ ،جگە لەمەش گێرەرەوە لە رێگەی بەکارهێنانی هەندێ تەکنیکی گێرانەوەی وەک کورتکردنەوەی رووداوەکان و جەخت کردنە سەر هەندێ راستی یان تانەدان لە هەندێ دیاردە و دیمەن یان پێشخستنی و دواخستنی هەندێ دیاردەی سەرنج راکیش ، ئامادەیی و نا ئامادەیی خۆی بە درێژایی گێرانەوە دیاری دەکات .

بەشی یەکەم

پاری سێیەم:

دواندن لە کۆچیرۆکی بە شەرتی چەقۆی عەزیز نەسین دا:

یەکێکە لە هۆکارەکانی گێرانەوە کە لە بینای تێکستی چیرۆکدا ئەرکی گرنگ و بەرچاو دەگێرێت لە دەربرینی بیرورا و هەڵوێستی کەسەکە، ئەویش دواندنە کە بریتییە (( لەو قسە و وتووێژە جۆراوجۆرانەی کە کارەکتەرەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆری دەکەن بە هۆکارێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ سەرکەوتنی چیرۆک ، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی بینای هونەری چیرۆک ، هەستێکی زیندوو دەداتە چیرۆکەکە ، ئەویش بە هۆی ئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ هەستکردنی بە خۆشی و لەبەدواداچوون و بێزاری دووری دەخاتەوە ))١٥ . هەروەها دواندن بە واتای ئەوەیە قسەی نێوان دوو کەس یان زیاتر دەگەیەنێ، واتە بە مانای دیالۆگ هاتبێ ئەوا ئەم مانا ساد و لاسایە گۆرانی بە سەرداهات لە ژێر کارتێکردنی جۆر و شێوازەکانی گێرانەوەدا جۆرێکی دی لە گفتوگۆدا هەبوو، ئەویش مۆنۆلۆگە ( Manologue) ، مۆنۆلۆگیش (( ئەو هونەرەیە بە مەبەستی پێشکەش کردنی دیوی ناوەوەی کەسەکان بە کاردەهێنرێت)) ١٦ .

هەروەها دواندن دەکرێتە دوو بەشەوە کە بریتین لە :

١- دايەڵۆگ ٢- مۆنۆلۆگ

١- دايەڵۆگ

ديالۆگ ڕێگەيەكی سروشتی و ئاساييە يەكێكە لە تەكنيكە گرنگەكانی گێڕانەوە ، لە ئەنجامی ئامادە بوونی دوو كەس يان زياتر ئەنجام دەدرێت. لەهەمان كاتدا پابەندە بەهەڵوێستی كارەكتەرەكانەوە، چونكە كاردانەوە جياوازەكانی كارەكتەر دەنوێنێت و چيرۆكنووس ((بۆ گەياندنی بيرۆكە و زانياريەكانی تايبەت بەدەقەكە پەنای بۆ دەبات بە هۆی ئەوەشەوە بەشێک لەو مەعريفەيەی ناو دەقەكە بە ڕێگەيەک لەو ڕێگايانەی گێڕانەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە ))١٧ . كە واتە بەم شێوەيە دايەڵۆگ پەيوەندی بە توخمەكانی گێڕانەوە بە هێزەو چەندين ئەرک و فرمان لە ناو دەقدا جێ بە جێدەكات ، لەوانەش پێشخستنی ڕووداوەكانە ، هەروەها (( دايەڵۆگ ڕێگايەكی گرنگە چيرۆكنووس پشتی پێ دەبەستێت بۆ جوڵاندن و ڕاگەياندنی هەڵوێستەكان بە گونجاوترين ڕێگا دادەنرێت بۆ ئەوەی هەواڵ و شيكردنەوەی پێويست ببەخشێ، بۆيە گرنگترين سەرچاوەی خۆشی بەخشين و زيندوويەتی دادەنرێت بۆ چيرۆک )) ١٨ . كەواتە دايالۆک تەنيا گفتوگۆ ئەنجام نادات ، بەڵكو شوێنێكە بۆ خستنەڕووی جەوهەری عەقڵ،هەروەها لەو جۆرە چيرۆكانە دەردەكەوێت كە فرە گێڕەرەوەيە كە تێدا چەند كەسايەتييەک بيروڕای جياواز سەبارەت بەو ڕووداوەی كە دەيگێڕێتەوە دەردەبڕن ، واتە ((ديالۆگ شێوەيەكە لە شێوەكانی گوزارشتكردن كە كەسێتيەكان پێی دەدوێن و گفتوگۆكانيان نزيک دەكاتەوە ، كە بابەتگەری و ڕوونی و ڕاشكاوی ئەويش ئەو فۆرمەيە كە قسەكردن پشتی پێدەبەستێ بە ڕێگەيەک ، كە جێی بزواندنی بايەخی دەبێت ، كە ئەويش پابەندە بە هاوسەنگی و ڕێكخستنەوە لە ڕووی ئاواز و ڕێكوپێكی شێوازەكەيەوە ))١٩. ديالۆگ ئەركی تەنيا دەرخستنی ڕواڵەتی دەرەوەی كارەكتەر نييە ، بەڵكو دەبێت لە هەموو ڕوويەكەوە شوێن پێی گرنگی كارەكتەرەكانی بە تەواوەتی پێوە دياربێت بە تايبەتی لە ڕووی زمانەوە، چونكە ((زمانی گێڕانەوەی خودی زمانی نووسەرە، كەچی زمانی ديالۆگ زمانی كارەكتەرەكانە )) ٢٠ .

بەشێوەيەكی گشتی لەچيرۆكدا دوو جۆر ديالۆگ بەرچاو دەكەون، ئەوانيش (ديالۆگی ڕاستەوخۆ- ديالۆگی ناڕاستەوخۆ)ن.

١_ ديالۆگی ڕاستەوخۆ

لەم جۆرەدا ديالۆگ لە نێوان دوو كارەكتەريان زياتر بەشێوەيەكی ڕاستەوخۆو لە چوارچێوەی گێڕانەوەی چيرۆكدا ئەنجامی دەدەن، بە جۆرێک هەست بەبوونی نووسەری تێدا ناكەين، ((ديالۆگی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان دوو كەس يان زياتر دەگێڕێتەوە كە بەنۆرە لەچوارچێوەی ديمەنێكی ناو چيرۆكدا بەشێوەيەكی ڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدەن))٢١.ئەركی سەرەكی ئەم جۆرە ديالۆگەش پەردە لادانە لەسەر ڕەهەندی دەقەكە بەگشتی، بەشێوەيەكی ڕاستەوخۆ گوزارشت لەسيماو ئاست و هزری كارەكتەرەكان دەكات و پلەوپايەو تايبەتمەندييان ئاشكرا دەكات.لە چيرۆكی ( تا ١٦ ڕۆژ لە مەوبەر ) ديالۆگی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای ئەزموونی ژيانی ژن و مێردێک كە كارەكتەری سەركی چيرۆكەكەن سەرچاوەی گرتووە، ئەم شێوە ديالۆگە كاتی گێڕانەوەی ڕووداوەكە دياری دەكات كەڕابردووە و دەڵێت ((نەمتوانی مەسەلەكە بۆ ژنەكەم ڕوون بكەمەوە و نەشدەبوو هەواڵەكەی لێ بشارمەوە و دوايی هەر پێی دەزانی. ژنەكەم ، كە سەيری ئەو كڕو بێ دەنگييەی منی كرد ، گوتی

ــ باشە دەتوانم يارمەتيت بدەم ؟

ڕاستيت دەوێ ژنێكی زۆر چاكم هەبوو ، بە پچڕ پچڕی يەكەوە گوتم :

ــ ما .. ر .. تا .. تورە .. مردا!

ژنەكەم بە سەرسوڕمان و پەشۆكاوييەوە :

ــ مارتاتورە كێ يە ؟

ئارامم لێ بڕا نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە و بە سەر ئیشارەتم بۆ ڕۆژنامەکەی دەستی کرد.
ژنەکەم ئەو هەواڵەی ، کە بە چەند دێڕێک بڵاوکرابۆوە ، بە دەنگێکی بڵند خوێندنەوە :
مارتاتورە سەماکەری ناسراو بە تامپۆنی ترۆمبێل مردووە .))٢٢. ئەم دایالۆگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە کە نێوان خۆی و ژنەکەیەتی و بۆ گێڕانەوەشی جێناوی کەسی ( من ) تێدا بەکارهاتووە ، کە یەکێک لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە پیاوەکەیە بۆمان دەگێڕێتەوە .

هەروەها لە چیرۆکی ( تۆ جاری تێ ناگەی ) بەم شێوەیە دیالۆگی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت و دەڵێت (( دەڵێن : یەکێک کچی ببێ بەد بەختی یە یان خۆش بەختییە ؟ بەڵام من ناتوانم وەڵامێکی ڕاست و ڕەوانت بدەمەوە ، چونکە هەتا هەنووکە بیرم لەم مەوزووعە نەکردۆتەوە ،هەمان پرسیارم لە باوکم کرد، باوکم دوای کۆبونەوەیەکی درێژخایەن دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەمرۆماندا و ناوهێنانی چەند ژنێکی بە ناوبانگی دونیا، لێدوانە دووردرێژەکەی خۆی کوتایی پێ هێنا ، ئینجا وتم :

ـ بابە گیان تۆ ئەوەندە باسی چاکە و خۆرەوشتی ژنت کرد ئامادەی ببی بە ژن ؟

باوکم دەنگی لێ هەڵبڕی و وتی :

ـ ئەم پرسیارە چییە لە منی دەکەی چۆن ئەوەت بە بیردا هات ؟

بەڵام هەمان پرسیارم لە دایکم کرد : باشە حەز دەکەی ببی بە پیاو ؟

تەنها چەند ئاهێکی ساردی بۆ هەڵکێشام))٢٣ .

لێرەدا لە ئەنجامی دورست بوونی دیالۆگی ڕاستەوخۆ کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم (من ) کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوونەکانیان و گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو ئەویش ئەوەیە کە کورەکە دەیەوێت بگاتە وەڵامێکی دورست دەربارەی جیاوازی کردن لە نێوان کوڕو کچ لە کۆمەڵگادا، بەڵام هیچ وەڵامێکی دورستی دەست نەکەوت. بۆیە دەربارەی ئەم بابەتە پەنا دەباتە بەر مامۆستاکەی ((دوێنێ مامۆستاکەمان هەموومانی بۆ تەماشاکردنی مۆزەخانە برد ، لە ڕێگە هەمان پرسیارم لە مامۆستاکەمان پرسی، مامۆستاکەمان بە پێکەنینەوە وتی :

- ئەم پرسیارەت لە کوێوە هێناوە ؟

ئەو کاتە بە شێوەیەکی کورت ، کە خۆم دەمزانی و وەڵامم دایەوە ، مامۆستاکەمان دوای بیستنی قسەکانی من وتی :

ئەم مەوزوعانە هی تۆ نییە ، تۆ جارێ منداڵی ! )) ٢٤.

بەڵام دووبارە لە دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەرکی و مامۆستاکەیدا هەروەها لە ڕێگای بە هێنانی جێناوی کەسی یەکەم (من ) ئەنجامی داوە هیچ وەڵامێکی دەست نـــــــــــەکەوت دەربـــــــــــارەی جیاوازی کـردنی کوڕ و کچ لە نـــاو کۆمەڵگادا.

٢ _ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ

لەم جۆرە دیالۆگدا گێڕەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (وتی، پرسی، وەڵامدایەوە، دەڵێ....هتد) خۆی تێکەڵ بەگێڕانەوە دەکات و قسەو گفتوگۆی نێوان دوو کەس یان زیاتر بەکورتی و بەپوختی دەگوازرێتەوە، واتە دیالۆگی ناراستەوخۆ دووبارەکردنەوەی وتەی کارەکتەرەکانە لەگەڵ تێکەڵکردنی گۆڕانکاری کە لەڕابردوودا ڕوویداوە، چونکە ((دیالۆگی ناڕاستەوخۆ دیالۆگێکە گێڕەرەوە ڕووداوو جووڵەی کەسێتیەکان کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، دەیانگوێزێتەوە بۆ کاتی ئێستاو پێشکەشیان دەکاتەوە، بەهێشتنەوەی پەیکەری بیرو وێنەی دیالۆگەکە وەک خۆی))٢٥. لـــــــــە چیرۆکی ( خنکاو ) دا دیالۆگێک لەنێوان کارەکتەری حەمیدو خێزانەکەیدا دروست دەبێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گێڕەرەوە باس لە خنکانی پیاوێک دەکات کە پێشتر ڕوویداوە، گێڕەرەوە ڕووداوێکی کاتی بەسەرچوومان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بەهۆی گێڕانەوەی لەئێستادا سیفەتی ئێستای پێدەبەخشێت. لەپێشکەشکردنی ئەم دیالۆگەدا گێڕەرەوە دەڵێت: ((ئافرەتێکی گەنجیان ،کە ئاوێکی زۆری لە مایۆکەیەوە

دەتکایەوە خۆی کرد بۆ نێو قەرەباڵغیەکەدا و خۆی گەیاندە سەر لاشەی خنکاوەکە ، کە لە بەردەم مەلەوانەکانی کەنار درێژکرا بوو ، ئافرەتەکە قژی خۆیّ دەرنیەوە و دەیوت:

ـ حەمید گیان هەڵسەوە ... حەمید گیان بە تەنیام جێ نەهێڵی .

لەو کاتەدا پیاوێکی قەڵەوەی کورتە باڵای سەر کەچەڵ نەی قیت کردەوە و گوتی:

ـ هەڵسەوە من لێرەم .

ـ عەزیزم تۆ لێرەی ... جا چۆن باوەڕکەم تۆ نەمردووی ؟

پاشان ئافرەتە گەنجەکە دەستی خستە نێو دەستی ئەو پیاوە کەچەڵەی ، کە گوایا مێردی بوو . پیاوە کورتە باڵا سەرکەچەڵەکە لەگەڵ خۆی بردیە چێشتخانەی پلاژەکە و لە لای چەند خانمێکی دی کە لەویّ بوون دایانشتاند. یەکیّ لە خانمەکان لە ئافرەتە گەنجەکەی پرسی :

ـ جا تو خوا بڵیّ ئەو پیاوە کوا کوێی لە حەمید دەچێ؟

کاک حەمید باڵای کورتەو ورگی گەوریەو سەری کەچەڵە ئەو پیاوە کەڵەگەتە و قژی لوول و ڕەشەو لاوازە

چیان پێک دەچێ و چی وای لێ کردی وا بە هەڵەدا بچیت و بە حەمیدی بچوێنیّ؟

ـ من دەمزانی ئەوە حەمید نییە ، بەڵام گاڵتەم کرد بۆ ئەوەی حەمید تێ بگات من چەندە ئەوم خۆش دەویّ)) ٢٦. هەروەها لە چیرۆکی ( ئەرکی نیشتمانی ) دا گێڕەرەوە دایالۆگی نێوان دووکارەکتەری نێو زیندان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە و بەشداری گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو زیندان دەکات و بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ( پرسی - وتی .... هتد ) . هەروەها لە ڕێگای جێناوی کەسی ( ئەو ) دایالۆگی ئەو دوو زیندانیەمان بۆ دەگێڕێنێتەوە و دەڵێت (( یەکی لە زیندانییەکان ، کە تازە هاتبوو ! بە سەرسوڕمانەوەلەو برادەرەی تەنیشتە خۆی پرسی:

ـ کاکە ، ئەم ئیحسان وازلینە کێ یە ؟

ـ ئەتۆ نایناسی ! من و تۆ هێشتا نەهاتبووینە دنیاوە ئیحسان وازلین سەرۆکی بەندی یە ئەبەدییەکان ! .. شەو وەختە هێشتا ئەم بەندیخانەیە دروست نەکرابوو و بەندەکانیان لە تویلە دەکرد

ـ خۆزگە دەیان ناردە ژوورەکەی ئێمەوە .

ـ نە بابە ، ئەو جێگەی خۆی دیارە ، بە ندە ئەبەدییەکان هەر دەبەنە یەک جێ!

دواجار ، دوای ماوەیەک چاوەڕوانی ( ئیحسان وازلین ) لە حەمام هاتە دەرەوە ، کۆنە هاوڕێکانی کۆبوونەوە ! .. دەتووت زاوایەو بە پەلە و بە هات و هاوار و شانازییەوە دەیبەن ! .. بردیانە ژوورەکەی خۆیانەوە .

سەرۆکی ژووەکە زۆر لەوانی دی بە پەرۆشتر بوو بزانیّ مەسەلەچییە، پرسی؟

ـ خوا لەوە خراپتر نەدا کاکە ئیحسان ؟

ـ بێ بەڵابی کاکە .

ـ لە سەر چی گیراوی ؟

ـ هەقایەتەکی زۆر درێژی هەیە )) ٢٧ .

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دیالۆگە هەست دەکەین بەتەواوی گێڕەرەوەیەک دایالۆگی نێوان زیندانییەکانی نێو بەندیخانەمان دەیگێڕێتەوە ، کە باسی باردۆخی زیندان و کارەکتەری سەرکی ناو زیندان دەکەن کە ئیحسان وازلینە

٢- مۆنۆلۆگ

مۆنۆلۆگ بە یەکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە دادەنرێت و ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بەردەستی چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئەرکی مەنەلۆگیش هەر وەکو دایەلۆگ گەیاندنی زانیارییەکانە، بەڵام مەنەلۆگ لە کاتیکدا چالاک دەبێت و خۆی لە ناو دەقدا

دەسەپێنێت و چیرۆکنووس ناچار دەکات پەنای بۆ ببات ، ئەو کاتەی دایەلۆگ نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی لە ناو دەقدا جێبەجێ بکات و زانیاریی و مەعریفەی پێویست بە خوێنەران بگەیەنێت، لەم کاتەدا مەنۆلۆگ وەک تەکنیکێکی تەڵتەرناتیف لە دایک دەبێت ((مەنەلۆگ لەو کاتەدا لەدایک دەبێت کە دایەلۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان وباری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر ونووسەرەکە بکات ))٢٨ .لە گەڵ ئەوەشدا مۆنۆلۆگ بە زۆری لە چیرۆکی نوێدا بەکاردێت (( هەروەها ئەو ئاخاوتنەیە کە لە نێوان کەسێتی و خۆیدا ڕوو دەدات ، چ ئەو بیرانەی کە بە زەینی کەسێتیدا ڕەت دەبن دەگێردرێنەوە یان هەر جۆرە بیرکردنەوە و ڕووداوێکی تر کە زەینی کەسەکە دروست دەکات ))٢٩ ، هەروەها چیرۆکنووس بە هۆی مۆنۆلۆگەوە دەتوانێت ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش ئاوێتەی یەکتر بکات بەمەش بە زۆری لە ڕێگەی تەداعی بیر و شەپۆلی هۆش بە ئەنجام دەگەیەنرێت، تەداعی بیریش جۆرێکی مۆنۆلۆگی ناوەوەیە ،بەوەش پشت بە یاد وبیرەوەری و زانیارییەکانی زەین دەبەستێت، هەر بۆیە لە کتێبی ( شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا) (ڕۆبرت همفری) پێناسەی مۆنۆلۆگ دەکات و دەڵێت : (( ئەو جۆرە تەکنیکەیە کە بە مەبەستی پیشاندانی باری دەروونی کارەکتەر و کردارە سایکۆلۆژییەکان بەکاردێت ، بە بێ قسەکردنی زۆر یان کەم لە چرکەیەکدا کە لە چەند ئاستێکی جیاوازی هۆشدان پێش ئـــەوەی وەک دەربڕین پێبگەن و بتوانرێت بە مەبەست بە شێوەی وشە و ڕستە گوزارشتیان لێ بکرێت ))٣٠.

لە چیرۆکەکاندا سێ جۆر مۆنۆلۆگی ناوەوە دەبینرێت :
١- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ.
٢-مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ.
٣-شەپۆلی هۆش.
١- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ

مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ئەو جۆرەیە کە کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی دەدوێنێ بەبێ ئەوەی هەست بە بوونی نووسەر و گوێگرو خوێنەر بکرێت ، هەروەک روبرت همفریش دەڵێت (( ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە بایەخ بە بوونی نووسەر نادات ،وایش دادەنێ هیچ گوێگرێک لـــە ئارادا نییە ))٣١،هەروەها لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من)ی قسەکەر بەکاردەهێنێت ، خاڵێکی تر ئەوەیە کە کارەکتەر لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا زۆر بە ڕاستگۆیانە بە بێ دەستکاری و دوور لە پابەند بوون بە ڕێزمان و خاڵبەندی دەربڕینەکانی دەردەبڕێت، لەم جۆرەدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ دەربارەی خۆی دەدوێت، کە ئەویش جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من) قسەکەر بەکاردەهێنێت ، لە چیرۆکی ( بە شەرتی چەقۆ) بەم شێوەیە نووسەر بوونی نییە کارەکتەر خۆی دەدوێت. بۆیە بوونی مۆنۆلۆگ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی کارەکتەرەوە پێشکەش دەکرێت. ((بۆ بەیانی چوومە لای براکەم و بە یارمەتی ئەو دوو لۆری شووتی چاکمان لە بەردەم یەکێ ًًًًًًً لە موغازەکان دانا. لە جیاتی بۆینباخ بەروانکەکەم لە مل کردو دەستم کرد بە هاوار کردن :
} شووتی بە شەرتی چەقۆ{ . کاکە بە شەرتی چەقۆی دەدەم . گەیشتووەکان بۆ خۆتان و نەگەیشتووەکان ماڵی منە ...
سوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژەی بە دواوە باری ژیانم بە ڕۆژ بە ڕۆژ چاکترە .
ئێستا هەر چەندە بۆینباخ نابەستم ، من دوو موغازەم هەیە، هەر چەندە پانتۆڵی ئوتوکراوم نییە ، بەرامبەر بەوە پارەیەکی زورم لە بانق هەیە دواجار لەگەڵ ئەوەی خزمەتکار و شۆفێرم نییە ٤ -٥ دوکانی بە کرێم هەیە . بژی ئەو شووتییە گەییوانەی ، من بە شەرتی چەقۆ بە خەڵکی دەدەم )) ٣٢ . لێرەدا بە هۆی جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە (من) کە کارەکتەر خۆی

چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، چونکە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بایەخ بە بوونی نووسەر نادات ، کارەکتەر خۆی دەدوێت .
هەروەها لە چیرۆکی ( هەموو بە ڕووخساری مرۆڤ فەرمان دەدەن ) بە هەمان شێوە نووسەر بوونی نییە ، بەڵکو کارەکتەر مۆنۆلۆگ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات و دەڵێت: (( کەس ئاگای لە حاڵی من بوو بە ڕۆژووەکان بێ گومان بەرەبەیان نانیان خواردبوو دەیانتوانی هەتا فتاریێ خۆیان ڕابگرن ، بەڵانەکینێ من منی بێچارە ٢٤ سەعات بوو زاد بەر دەمم نەکەوتبوو چۆن دەمتوانی خۆم ڕابگرم ؟
ژمارەی خەڵکەکە بەرە بەرە زیادی دەکرد ، منیش هەر لە خۆمەوە دەستم بە قرەقڕکرد :
ـ ئاخر باشە لە چ شوێنێکی دنیادا چێشتخانەی شەمەندەفەر داخراوە ؟! لە نێو ئەو هەموو گەڕیدە هەمە جۆر نەژاد و هەمە جۆر دینە .. جوولەکە ، کلیمی ، ئەرمەنی یە دا وتم :
ئاخر ئێمە ئێستا سەفەرین لە یاسای ئیسلامیشدا پیاوی سەفەریی ڕۆژووی لە سەر نییە ))٣٣.
کارەکتەر ڕاستەوخۆ بە جێناوی (من ) دەدوێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و باسی بارودۆخ و برسیتی خۆی دەکات و دەست نەکەوتنی پارویێک نان کە زیاتر لە ٢٤ کاتژمێرە زاد بەر دەمی نەکەوتووە .
٢- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ
لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا جۆرێک قسە لە گەڵ خۆکردنە کە گێڕەرەوە بە دەستەواژەی (( لە دڵەوە گوتی، لە بەر خۆیەوە بە خۆی گوت لێرەشدا مەرج نییە کە گوێگر هەبێت ))٣٤، هەروەها لەم مۆنۆلۆگەدا لە بری جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من) جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی تاکی (تۆ – ئەو )ی تێدا بەکاردەهێنرێت ، ئەم دوو جێناوش پەیوەندی بە کەسایەتییەکەوە هەیە، ئەم مۆنۆلۆگە ئاماژە (ئیحا) بە خوێنەر دەدا (( کە خۆیشی و نووسەریش لە کایەدان جگە لە وەسفکردنی هۆیەکانیان و هەستکردنیان بە واقیعدا بەکاردەهێنرێت ))٣٥ ، بۆیە لە چیرۆکی ( هەراجی ئەمریکی ) گێڕەرەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم مۆنۆلۆگە دەگێڕێتەوە، گوزارشت لەهەستی کارەکتەرە دەکات و تێشکی خستۆتەسەر، ئەمەش بووەتە هۆکارێک ئاشکراکردنی هەستەکانی کارەکتەرو هەروەها لە ڕێگای بە کارهێنانی جێناوی ( ئەو ) ەوە پێشکەشمان دەکات و دەڵێت ((ڕۆژی هەراج ئەو خەڵکەی لە بەردەمماڵەکەی وەستابوون لە بەردەم هیچ ئاهەنگێکی مۆسیقا و سینەما و تیاترۆخانەیەک نەمدی بوون . ڕێگای هیچ نەبوو، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی ، ئەو هەموو پیاوە ! ئەو هەموو ژنە ! خانمێک پاڵتۆیەکی لە بەردا بوو هەر بە چەک شتی دەکڕی )) ٣٦ .
هەروەها لە چیرۆکی ( تۆ جارێ تێ ناگەی ) ش گێڕەرەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مۆنۆلۆگ دەگێڕێتەوەو جێناوی کەسی سێیەمی تاکی (ئەو) بەکارهێناوە. دەڵێت :(( براکەم لە گەڵ برادەرەکانی لە گۆشەیەکی ژوورەکە خەریکی وازی کردن بوو و بە هیچ شێوەیەک ئاگای لە قسەکانی ئەوان نەبووە.
وەختەکێ ژنەکیان دەڵێ :
-بابە ئەو منداڵە لە ژوورەوەیە نەختێ لە سەرخۆ قسە بکەن ، براکەم بە حەپەساییەوە تێیان ڕادەمێنێ و لێیان ورد دەبێتەوە ،تا دوایی یەکێ لە ژنەکان دەڵێ:
-قسەی خۆتان بکەن ئەم منداڵە چووزانێ لەم شتانە تێ ناگات ))٣٧ . کارەکتەر قسە لەگەڵ خۆی دەکات بە دەستەواژەی ( لەبەرخۆیەوە ) بەکاردەهێنێت (( لەبەر خۆیەوە وتوویەتی : دە باشە ئێوە باسی بکەن بزانن چەند جوان تێدەگەم ژنێکی دیکەیان :
-بابە ئەمە زۆر منداڵە هێشتا لە کوێیەتی و لەم شتانە تێ ناگات .
دوا بە دوای ئەم قسەیەی خاتوون براکەم وا خۆی پێشان دەدات کە خەریکی وازییە ، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا هەموو هەست و هۆشی بە لای ژنەکانەوە بوو ، براکەم هەموو ئەو شتانەی

بیستبوونی بە چاکی تێگەیشتبوو و بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کە ئەو بە چاکی تێ دەگات و شت دەزانێ چاوەڕێی هەلێکی دەکرد بۆی بڕەخسێ و ئەم شتەی تیا بسەلمێنێ ))٣٨ .

٣- شەپۆلی هۆش

شەپۆلی هۆش یان تەوژمی ئاگایی تەکنیکێکی نوێیە لە چیرۆک و رۆمانی هاوچەرخدا بەکاردێت .بۆ ئاشکراکردنی هەستی حەقیقی کارەکتەرەکان و دەرخستنی بیرکردنەوەی ناوەوەیان و ژیانی راستەقینەی ناوکییان. ئەم تەکنیکە پابەندی هیچ دەستوور و یاسایەکی کات و شوێن نابێت ، بەڵکو بۆ تێکدانی زنجیرەی کات و گێرانەوەی تەقلیدی بەکاردێت، هەروەها لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زەین و هۆشی ناوەکییەوە ،زۆر جار بە مۆنۆلۆگی ناوەوە ناسراوە ، کەواتە مەبەست لە شەپۆلی هۆش ((دەربڕینێکی لە ڕادەبەدەری وێنەی کەڵەکەبوونی ناو زەینە دێتەوە ناو خەیاڵ بەشێوەی زنجیرە ))٣٩، هەروەها شەپۆلی هۆش زیاتر ((بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژی کەسایەتیی سەرەکی دەدات ، دەچێتە نێو خودی قارەمان و لە میانی مۆنۆلۆگەوە ئەقڵی ناوەوەی ئاشکرا دەکات کە هەندێ جار قسەو دەربڕینەکانی ئەو خودە دوورن لە قسەی لۆجیکی و پتر لە وڕێنە دەچن))٤٠ .بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێ بەسەرهاتەکانی بێنێتەوە یادی خۆی بە تایبەتی زەوق و دیاردەکان ئەوا بە شێوەی شریتی سینەمایی دێنەوە ناو خەیاڵ ، کەواتە بە واتایەکی دیکە مەبەست لە شەپۆلی هۆش (( ئەو تەکنیکەیە لە هونەری چیرۆک نووسیندا بەوە بەناوبانگە کە هەر چەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ ، بەڵام زیاتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی دەدا و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی و جڵەوی بۆ شل دەکات، کە بێ سڵکردنەوە لە هەست و نەست و نیازی خۆی بدۆی ،کە مرۆڤ ئەم بابەت و شتانە لە دەرەوەی خۆی دەشارێتەوە و لە ناخی خۆیدا حەشاریان دەدا یان قابیلی بەدیهێنان نین ))٤١،هەروەها چیرۆکەکە لە گۆشەنیگای کەسێکەوە دەگێڕێتەوە، واتە لەم جۆرە تەکنیکە (( تەنها یەک کەسایەتی بە درێژایی رۆمانەکە بێ وەستان دەدوێ))٤٢ . لە چیرۆکی(دەرمانی بێ خەوی ) یەک کەسایەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە تا کۆتایی و گێڕەڕەوە مۆنۆلۆگی ناوەوەی وەک شەپۆلی هۆشی بەکارهێناوە و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەستەکان دەردەبڕ ێ و بیرەکان تێکەڵ بە یەک دەکات و دەڵێت :((سەیرم کرد دەتوانم هەموو ئیشێک بکەم ،بەڵام ئەم شتانە لە دەست و پلی من ناوەشێتەوە ، لە پڕ فیکرەیەکی دی وەک بروسکە لە مێشکمدا درەوشایەوە ، گیرفانەکانم گەڕام ، پارەکانم هەڵرشت و ژماردم ، دووازدە لیرەو نیو بوو . ژن و کچەکەم بانگ کرد:

ــ یاڵڵا پارەکانتان بێنن بزانە چەندتان هەیە .

ئەوانیش حەفت لیرەیان هێناو هەمووی کردیە نۆزدەلیرەو نیو ، حیسابم کرد دیتم بەو پارەیە دەتوانم ٧٨ سانتیمەتری چوارگۆشە لەو عەرزە بکڕم ، بڕیارمدا سبەینێ لەگەڵ گەردی بەیانی بچمە کن خاوەن عەرزەکەو ٧٨سانتیمەتر عەرزی لێ بکڕم )) ٤٣ .

هەروەها لە چیرۆکی (مانگانە ) چیرۆکنووس شەپۆلی هۆشی بە کارهێناوە و بیرەکانی تێکەڵ کردووە دوای ئەوەی باسی فەرمانبەرێک دەکات کە یەکەم جارە موچە وەردەگرێت و موچەکەی ٢٧٠لیرەیە و چەندین پرۆژەی بە بیردا دێت بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات و بیرەکان تێکەڵ دەکات و دوورن لە لۆجیک و زیاتر بە لای وڕێنە دەچن ، کە دەڵێت (( دەستم لە گیرفاەکانم ڕاکردەوە تا دڵنیا بم پارەکانم ماون ، ٢٧٠ لیرەو برێ وردەم لە بەرکی بوو . قاجەکانی ئەو ژنە جوانترین قاچ بوون ، کە من تا ئەو رۆژە دیتبێتم .

ماسی بە ٥٠٠ لیرە ، بەڵام من لە ٢٧٠لیرە زێترم نییە .

یانی چی ؟ واتا رۆژی ١٧لیرە وز برێ وردە؟

زۆر باشە ..ئەو پێڵاوانەی خانم لە پێی کردووە ، بەڵام چ پێ یەک ... بەڵێ من ٢٧٠ لیرەم هەیە .کە وابێ دەتوانم ئاپارتمانەکەبۆ ماوەی ١٦ رۆژو ٢سەعات بە کرێ بگرم .

خانمە جوانەکە گەیشتە جادەکە . بە چەند هەنگاوێک خۆم گەیاندێ و لە لای شانی راستمەوە بە نیو نیگایەک سەیرم کرد . بە راستی سەرنج ڕاکێشەر و بێ هاوتا بوو ....
ئەگەر لەو چێشتخانەی ، کە شاتۆبریانم بۆ ئامادە دەکەن خۆم بە ١٥ لیرە تێر بکەم . بە دوو جاران ٣٠ لیرەم دەچێت ....
زۆر باشە ... من ٢٧٠ لیرەو بڕێ وردم هەیە .. ژنە جوانەکە ماوەیێ وەستا .. جــوان جـوان ســەیری کــردم و خۆی هەڵکوتایە بــاخێکی گشتییەوە.
بەرگدوورە ناودارەکە کەمترین پارەیەک بۆ جل دوورین ٤٠٠ لیرەی داوادەکرد.. ژنێکی تا بڵێ ی دڵگیرە ، رەنگە ئەویش هەر هونەرمەند و چاودێر و ( مانکۆن ) ی بیانی بێ .. ئەگەر قاتێک بە ٤٠٠ لیرە بکەم ، پارەکەم لێی دەبڕێ و بەش ناکات ، رەنـــگە چاکەتەکە دوو قۆڵەکەی یـــان پشتەکەی لـــــەگەڵ دا بێت و چونکێ لە ٢٧٠ لـــیرە زێتر نییە)) ٤٤ .

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیدا گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە .
١- گفتوگۆ وەک هۆو مەبەستەکانی گێرانەوە لە سەرجەم چیرۆکەکاندا کەم یان زۆر دەبینرێت.
٢- گێرانەوەی چیرۆکەکان لە لەرێی دیالۆگەوە رۆڵ و بایەخی خۆی لە خستنەروو و روونکردنەوەی چیرۆکەکاندا هەبووە ، کە بە هەر دوو شێوەی "راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن کارەکتەرەکانەوە ئەنجام دراوە .
٣- مۆنۆلۆگ کە لە چیرۆکەکان بەکارهاتوون ،پیوەندیان بەناخ و دەروون و هەستە شاراوەکانی کارەکتەرەکانەوە هەیە ، هەروەها گوزارشت لە خەم و دڵەراوکێ و ویست و ئامانجەکانی ئەوان دەکەن . هەروەها لە هەندێک شوێندا مۆنۆلۆک وەک شەپۆلی هۆش بە کارهاتووە .
٤- عە زیز نەسین تەکنیکی شەپۆلی هۆشی بـــە کار هێناوە . بەشەکانی ئـــەم تـــــەکنیکە لـــــە مۆنۆلۆگ دا نموونەی بە چاو هـــەیە

پەراویزەکان

(١) میران جەلال محەمەد،بنیاتی ڕووداو لەڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل١٥٥.
(٢) د.هیمداد حوسێن ، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی باز ، هەولێر، ٢٠١٠،ل١٦٥.
(٣) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢، ل٩.
(٤) میران جەلال محەمەد ، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی کوردی باشوری کوردستان ، ل١٥٥.
(٥) هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی کوردی – فارسی ، چاپی ٥، تهران ، ١٣٨٥، ل٧٤١
(٦) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، ل١٢ .
(٧) رولان بورنوف و ريال اوئيليه، عالم روايه ، ترجمه:نهادالتكرى،مراجعه :فؤاد التكرى و محسن الموسوى،دارالشؤون الثقافيه العامه،بغداد ، ١٩٩١، ێ٢٣

(٨) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ،ل١١ .
(٩) سروە تاهیر علی، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی (هەڵۆ)ی ڕئوف بێگەردا،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥، ل١٣٣.
(١٠) بێستون عادل علی ، ڕەوتی ئەدەبیی شێخ مارف بەرزنجی، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥، ل٥٨.
(١١) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ،ل ١٣ .
(١٢) رومان یاكوبسن ،قضایا الشعریه ،ترجمه ، محمد الولی و مبارک حنون ، دار توبقال ،طبعة ١، الدار البیظاء ،المغرب، ١٩٨١، ص٣٣.
(١٣) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ،ل١٥ .
(١٤) مستەفا ساڵح مستەفا خروائانی ،تەکنیکی گۆشەنیگا لەڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل٢٧.
(١٥) د.هیمداد حوسێن ، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی ،ل١٦٧.
(١٦) بێستون عادل علی ، ڕەوتی ئەدەبیی شێخ مارف بەرزنجی ، ل٧٨.
(١٧) عەبدوڵلا ڕەحمان ، بنیاتی گێرانەوە ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لە بارەی چیرۆک و ڕۆمان و ڕۆمانەچیرۆک ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠١٤، ل٢٧٠
(١٨) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ،ل٢٠٢ .
(١٩) ئەحلام مەنسور، بینای هونەری لەچیرۆکی کوردی،١٩٧٠ –١٩٨٠،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپخانەی تیشک،سلێمانی،١٩٩٩، ل٨٢.
(٢٠) ئازاد محەمەد سەعید ، کورتیلە چیرۆکی کوردی ( ١٩٧٠ – ١٩٧٩) چاپی یەکەم ، ٢٠١٣، هەولێر ، ل ٢١٧.
(٢١) - فاتح عبدالسلام،الحوار القیپی،تقنیاته او علقاته السردیه،الطبعة الاولی،المؤسسهالعربیه للدراسات والنشر،بیروت،١٩٩٩،ص٤١.
(٢٢) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ، وەرگێرانی، هیمدادحسین ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل٣١.
(٢٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٣.
(٢٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٣.
(٢٥) فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي ( تقنیاته وعلقاته والسردیه)، ص٩١.
(٢٦) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،ل٢٩٣-٢٩٤
(٢٧) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل٦١.
(٢٨) پەروین عەبدوڵلا ، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٨١
(٢٩) ئازاد محەمەد سەعید ، کورتیلە چیرۆکی کوردی (١٩٧٠-١٩٧٩) ،ل٢١٧.
(٣٠) ئەردەڵان شوکر سابیر ، تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس) دا ، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل١١٨
(٣١) روبرت همفری، تیار الوعی فی الروایه الحدیپه ، ترجمه د. محمود الربیعی، طبعة الثانیة
(٣٢) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل٣٢٧ .
(٣٣) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل١١٤ .
(٣٤) بێستون عادل عەلی ، ڕەوتی ئەدەبی شێخ مارف بەرزنجی،ل٨١ .

(٣٥) روبرت همفری ، تيار الوعی ، ێ٤٩.
(٣٦) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل١٦٨.
(٣٧) سەرچاوەی پێشوو ،ل١١٥ .
(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل١١٥
(٣٩) د.پەری ساڵح موفتی ، بنیاتی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا ، ل٢٢٨ .
(٤٠) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠١١.ل٢٣٣
(٤١) حسین عارف ، نووسیتەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی ١٠ ، هەولێر ، ٢٠١١،ل١٤٥.
(٤٢) د.نعیم عطیة،وەرگێرانی .ریبین اسماعیل ، مۆنۆلۆژی ناوەوەی رۆمانی نوێدا،گۆڤاری نووسەرانی نوێ، ژ ٩ی نیسان ی ١٩٩٩، ل٥٥
(٤٣) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل١٢٦ .
(٤٤) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ،وەرگێرانی هیمدادحسین ،ل٩٥ .

لیستی سەرچاوەکان:

کتێب:
(١) ئازاد محەمەد سەعید ، کورتیلە چیرۆکی کوردی ( ١٩٧٠ – ١٩٧٩) چاپی یەکەم ، ٢٠١٣، هەولێر .
(٢) ئەحلام مەنسور،بینای هونەری لە چیرۆکی کوردی ، ١٩٧٠ – ١٩٨٠،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپخانەی تیشک ،سلێمانی ، ١٩٩٩
(٣) ئەردەڵان شوکر سابیر ، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس) دا ، هەولێر ، ٢٠٠٩.
(٤) پەروین عەبدوڵلا ، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨.
(٥) پەری ساڵح موفتی(د)،بنیاتی گێرانەوە لەچیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر ، ٢٠١٢.
(٦) حسین عارف،نووسیتەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی١٠، هەولێر ، ٢٠١١.
(٧) عەبدوڵلا رەحمان ، بنیاتی گێرانەوە ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لە بارەی چیرۆک و رۆمان و رۆمانەچیرۆک ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠١٤.
(٨) عەزیز نەسین ، بە شەرتی چەقۆ ، وەرگێرانی، هیمدادحسین ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.
(٩) مستەفا ساڵح مستەفا خروائانی ،تەکنیکی گۆشەنیگا لەڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٣ .
(١٠) هیمداد حوسێن (د)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی باز ، هەولێر، ٢٠١٠.
فەرهەنگ:
(١) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠١١.
(٢) هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی کوردی – فارسی ، چاپی ٥، تهران ، ١٣٨٥.
نامەی ئەکادیمی :

(١) بێستون عادل عەلی ، ڕەوتی ئەدەبی شێخ مارف بەرزنجی، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١٥.
(٢) سروە تاهیر علی ، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هەڵۆ )ی ڕئوف بێگەردا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ،٢٠١٥.
(٣) میران جەلال محەمەد،بنیاتی ڕووداو لەڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٨ .
گۆڤار:
(١) گۆڤاری نووسەرانی نوێ، ژ ٩ی نیسان ی ١٩٩٩.
سەرچاوە عەرەبییەکان:
(١)روبرت همفري، تيار الوعي فى الرواية الحديثة ، ترجمة : د. محمود الربيعي، طبعة الثانية ، دار المعارف ، مصر،      ١٩٧٥.
(٢)رولان بورنوف و ريال اوئيلية، عالم الرواية ، ترجمة: نهادالتكرلي ، مراجعة: فؤاد التكرلي و محسن الموسوي، دارالشؤون الثقافية العامة،بغداد ، ١٩٩١.
(٣)رومان ياكوبسن ،قضايا الشعرية ،ترجمة ، محمد الولي و مبارك حنون ، دار توبقال ،طبعة ١، الدار البيضاء ،المغرب، ١٩٨١.
(٤)فاتح عبدالسلام،الحوار القصصي،تقنياته و علقاته السردية،الطبعةالاولى،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت ،١٩٩٩

Abstract

This research is title of (conversation inside ba sharti chaqo By Aziz Nasin ) consists of introduction and first part, conclusion,results, lists of resources which summarized into Arabic and English .

The part consistts of three researches: The first part deals with understanding and definition of narrative. The second part deals with narrative’s duty. The third and final part deals with conversation and the dialogue division  of direct speech and indirest speech and direct and indirect  monologue in addition to various types of realization by perspective and practical.Aftar that it had finished by practical way on short story (Ba sharti chaqo) for Aziz Nasin